# حزبێك بۆ فرۆشتن یان بۆ كرێ !

جەلال بەرزنجی

(حزبێك بۆ فرۆشتن , یان بۆ كرێ) ئە مە ناونیشانی ئەو گۆرا نیە بوو كە (جاك لینتن)سەرۆكی پارتی د یمو كرا تی نوێ لە پێشنگای ( گەلەری هونەر ) گووتی و هەرخۆشی گیتاری لێدەدا, لەم پێشنگایە سالاَ نە یە سەرۆكی حزبی لیبراڵی فەرمان رەواو و سەرۆكی حزبی كۆنسەرڤەتیڤی ئۆپۆزیشنی كەنەدا ئامادەبوون , بەرنامەی حزبی دیموكرا تی نوێ بەلای چەپ دا یەو بەرنامەیان لە بەرنامەی سۆسیاڵ دیموكراتەكان نزیكە , دیموكراتی نوێ لە هەڵبژاردنەكانی2003 حەڤدە كورسیان بردەوە .لە گەڵ لیبراڵ حكومەتی كەمینەیان پێكەوەنا و تا ئیستاش هاوپەیمانن , ئەم گۆرانیەی (جاك) پێش راپۆرتی دادوەر (گامەری) بووكە وا ئەو گەندەلیەی ئاشكرا كرد كە حزبی لیبراڵ بە ناوی پرۆگرامی (سپانسۆر شیپ) ملیۆنەها دۆلاریان لە پارەی حكومەت خەرج كردبوو هەر لە سەر ئەم گەندەلیە لیبراڵ , درایە دادگاو ناچار كرا هەڵبژاردنی پێش كاتی خۆی داوا بكات لە ( كرسمس) بەلاَم زۆربەیخەلكی كەنەدا دەلیَن : كلتیَ ئیَمە خەریكی شت كرینین بۆ (كرسمس)و سەری ساڵ و گلۆپ هەلۆاسین لە مالەكانمان نامانەوی كەس بێزارمان بكات داوا دەكەن هەڵبژارن دوابخرێ بۆ فێبریوەری 2006 , كە ئەمە لە بەرژەوەندی لیبرالە بۆ لە بیرچوونەوەی ئەم شەرمە زاریەی بە سەر حزبەكەیان دا هاتووە , كاتیَ گۆرانیەكەی جاك لە هەموو كەنالەكانی تەلەفزیون پیشان درا خەلك زیاتر وەك شتێك بۆ خۆشی سەیریان دەكرد , بەلاَم ئیستا دوای ئەوەی دیموكراتی نوێش هەرەشی لە سەر حوكم هاتنە خوارەو لە لیبراڵ دەكات و بە نیازی هاو پەیمانیە لە گەڵ حزبی كۆنسەرڤەتیف , كە بەرنامەیان زۆر لێك دوورە , ئەوە دەر دەخات كە مەسەلەكە زیاتر بەلای بەرژەوەندی دایە و دوورە لە جێ بەجێ كردنی بەرنامە كەیان چونكە واچاوەروان دەكرێت كۆنسەرڤەتیڤەكان لە كۆی 305 كورسی فیدراڵ زۆرینە بە دەست بێنن و خەونی چەندەها سالیان بێتە دی لە بە كۆسەرڤەتیف كردنی كەنەدا بۆ دیمكراتی نوێ باشتر بوو ئەم بۆ شایە پر بكاتەوە كە ئەو گەندەلیەی لیبراڵ دروستی دەكات وكامپین بكات بۆ را كێشانی خەلكی لیبراڵ بۆ ناو دیموكراتی نوێ , نەك بیر لەوە بكاتەوە حزبەكەی بفرۆشێ یان بە كرێ بدات !